سەرکوتگەری جمهوری ئیسلامی و دەستگیر کردنی ڕابەرانی کرێکارانی کۆمپانیای واحیدی تاران مەحکوم دەکەین

## هەڵسوڕاوانی کرێکاری کۆمپانیای واحیدی تاران دەبێت دەستبەجێ ئازادبکرێن!

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕیگای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران-حکمەتیستەوە بە دەستمان گەیشتووە دەزگا سەرکوتگەرییەکانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیران چەند ڕۆژ لەمەوبەر ژمارەیەك لە ڕابەرانی یەکێتی کرێکارانی کۆمپانیای واحید (کۆمپانیای ئۆتۆبوسەکانی ناو شاری تاران) دەستگیر کردووە، تاوانی ڕاگەیەندراوی ئەم هەڵسوڕاوانە بەشداری لە پێکهێنانی ریکخراوی قەدەغە کراوو هەوڵدان بۆ ریکخستنی مانگرتنە. هەروا ئەمڕۆ هەواڵی مانگرتنی شکۆداری کرێکارانی ئەو کۆمپانیایە کە لە چەند ڕۆژ لەوەوبەرەوە نەخشەی بۆکێشرابوو لە پێناوی ئازادکردنی ڕابەرانیان بەرێکەتووە، بلاوبووەوە.

ئیمە لە کاتێکدا کە ئەم کارە سەرکوتگەرانەیەی جمهوری ئیسلامی ئیران مەحکوم دەکەینو بە بەڵگەیەکی تری دوژمنایەتی بێپەردەی ئەم ڕژێمەی لەگەڵ کرێکارانو ئازادییەکانیان لە پێکهێنانی ڕێکخراوەو مانگرتن دەبینین، هاوپشتی بێدریغی خۆمان لە خەباتو مانگرتنی کرێکاران دەردەبڕینو خوازیاری دەستبەجێ ئازادکردنی ڕابەرانی کریکاری کۆمپانیای واحیدین. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق خۆی لە ڕیزی یەکەمی خەبات لە پێناوی بەرپەرچدانەوەی ئەم سەرکوتگەرییەو بەرگری لە کرێکارانی کۆمپانیای واحیدی تاراندا دەبینێتەوەو لە هیچ هەنگاوێكو کارێك لە پێناوی پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکارانو ڕیسواکردنی جمهوری ئیسلامی ئێرانو کردەوە دژی کریکارییەکانیو کۆکردنەوەی زۆرترین پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ کرێکارانی ئیران دریغی ناکات.

ئێمە بانگەوازی هەموو ریکخراوو یەکێتیو سەندیکا کرێکارییەکانی جیهانو هەموو لایەنو حیزبو کۆڕو کۆمەڵەکانی مودافیع لە مافەکانی ئینسانو تەواوی ئازادیخوازان دەکەین کە بە توندی ناڕەزایەتیو بیزاری خۆیان لەم سەرکوتە ئاشکرایە دەربڕن، خوازیاری ئازادی دەستبەجێی کرێکارانی دەستگیرکراوو ملدانی جمهوری ئیسلامی بە ڕێزگرتن لە مافەکانی کرێکاران بن.

**سەرکەوتوو بێت خەباتی کرێکارانی ئیران لە پێناو ئازادیو مافەکانیان**

**ڕیسوا بێت جمهوری تیرۆرو سەرکوتی ئیسلامی.**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق**

2005-12-25